www.kurdistannet.org

7-10-2006 8:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کاتێک ووشە دەکرێتە کاڵا، کەم نرخ دەبێت. بۆ هەموو ئەوکەسانەی کەجاران نرخیان ٣ دەفتەر بوو ئێستا تەنها یەک دەفتەر دەکەن (١) . ... حاجی ئەنوەر.

٢٠٠٦/١٠/٦



لەمێژووی زۆربەی هەرزۆری گەلاندا، نوسەران ورۆشنبیرانیان رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگاکانیان لە بوارە جیاجیاکاندا. بیری رۆشنبیران فاکتەری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکان بووە بۆ ناساندنی تاک بە مافەمرۆیەکانیان و رێگریش بووە لە نەبەزاندنی هێڵی سوور لەلایەن دەسەڵاتەوە. ئەوەی کە جێی سەرنج و رەخنەیە، ئەم حاڵەتە لەناو بەناو رۆشنبیرانی باشوری کوردستاندا رووڵەخوارە، خلبونەوەی بارستایەکی خرە و بەردەوامی دەبێت تا دەگاتە دەگاتە دوامەنزڵ. بەدوای ئەوە بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردستانیش پاک دەبێتەوە لە بازرگانانی ووشە.

چۆن دەتوانرێت بەو ووشەهەرزان فرۆشانە بوترێ رۆشنبیر، کەدەیان تاوانی گەورە بەبێ ترس بەرامبەر ئێستاو مێژوو دەکەن. دەسەڵاتی غەرق لەتاوانی ئێستای کوردستان کە خۆیان نەیانتوانیوە و ناشتوانن دیفاع لە موقفی نامرۆڤانەو نانەتەوەییانەی خۆیان بکەن. کەچی لەرێگای ووشەهەرزان فرۆشەکانەوە لەهەوڵی رووسورکردنی خۆیانن. ماوەیەکە و بەدوای تەواو رسوابونی دەسەڵاتی خێڵەکی و دواکەوتوی ئەمرۆی کوردستان، بەتایبەتیش دوای ئاشکرا بوونی زیاتری سیخورەکانی بەعس کەئەمرۆ دەسەڵاتدار و بریاردەرن لە چارەنوسی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستاندا، ژمارەیەک لە جاش قەڵەمەکانی چ بەنوسین و چ لەرێگای کەناڵە زەردەکانی دەسەڵاتەوە، لەهەوڵی ئاوکردن بە سەر ژیلەمۆی ئاواتەکانی جەماوەرەن، کە بەم کارەیان سوکایەتی بە بیرو رۆشنبیرانی کورد دەکەن و پاساوی درۆزنانە بۆ پێشێلیەکانی دەسەڵات دەهێننەوە و رەخنەجۆراوجۆرەکانی بەرهەڵستکاران، بە فەرهەنگێکی نزم لەقەڵەم دەدەن. من بۆخۆم هەرچی سوکایەتی و جنێوی بازاڕی هەیە بەو دەسەڵاتە بدرێت بەکارێکی ئاسای دەبینم. بۆ؟.

کێ بوون پێشرەوی ووشەکانی قووندەر، قەحبە، ترۆکراو، بە قوزتریو، قۆنەرە، گابوری پێنج، ئاژاواچی، دەستی داگیرکەران، پارەی داگیرکەران، منداڵ وپاڵ، ووردە ئەفەندی... ئەی کێ بوون ئەوانەی بەربوکیان بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەکرد، ئەی ئەوانەی موڵک وماڵی کوردستانیان ئاودیودەکرد، ئەی ئەوانەی سیاسەتی برسی کردنی خەڵکیان کردە سەرتۆپی کارەکانیان، ئەی ئەوانەی پارەی خەڵکی کوردستانیان دزی و لە بانکەکانی ئەوروپادا قایمیان کرد، ئەی کێ بوون سامانی دوارۆژی کوردیان کردە پارچەگۆشتی بەردەم لولەی تفەنگەکان، ئەسیرەکان بۆ کوژران، تەقە بۆ لەخۆپیشاندەران کرا، جاشەکان بۆ پارێزگاریان لێدەکرێت، جاسوسەکان بۆ دەکرێنە بەرپرس... بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەپێدەکرێت، کوا دادگایەکەی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە، کوا کارەبا، کوا ئاو، کوا ئازادی، کەی زیندانیە شاراوەکانی ژێر شەقامەکان لادەبرێت، بێشەرمینە دەبوایە ژێرزەمینی مقرِی حرکاتی فەیلەق کە لانی کەم ٢٥ مەتر لەژێرخاکدایە بتەقێنرایەتەوە نەک بکرایە بە زیندان و هەرکەسێکی تێبکەوێ هاتنەدەرەوەی بۆ نیە، بۆ دەبێت ١، ٥ ملیار دۆلاری زیادەی خواردن بەرامبەر نەوت کەس نەزانێت چی

بەسەر دێت، حکومەتێک ئەوەندە گێل بێت چەندین ساڵ لەبری ١٧، ٧% میزانیەی عێراقی خوێناوی ٨، ٤% پێبدەن نقەی لێنەیەت ئاخر ئەوە کەی حکومەتە، میزانیەی ساڵی ٢٠٠٦ی عێراقی خوێناوی ٣٤، ٣٦٧، ٥٩٦ ملیارد بوو دەڵێن تەنها ٢، ٨٥٠ ملیارد دۆلارمان وەرگرتوە، کەچی ئەوەندە سوک و پەڕپوتن دەڵێن بەرژەوەندی عێراق لەسەروی بەرژەوەندی کوردستانەوەیە. سەربەخۆی ئاواتی دێرینی گەلی کوردەو لەو پێناوەدا خەبات وخوێنێکی زۆریان داوە، کەچی ئەو گەمژانە بە خەوی چۆلەکەی لە قەڵەم دەدەن، دەبێت ئەو گەمژەیە چۆن سەیربکرێت، خۆبەسەرۆک زانێک ئیرادەی مییللەتێک بخاتە ژێرپێیەوە و کاتێکیش بۆ بەردەوامی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، بەڕووزەردیەوە بڵێت گەر میللەت داوای سەربەخۆی بکات، ناتوانین ئیرادەی میللەت جێبەجێ نەکەین. دەبێت چ ڕێزیک بۆ ئەو سەرۆکە دابنرێت. دەسەڵاتێک کە کەم وێنەیە لەمڕۆی جیهاندا لە هەموو بوارەکانی دارمان، کەی هی ئەوەیە پاڵپشتی لێبکرێت؟؟؟. بەڕووکەش ڕۆشنبیران و لە ناوەڕۆکدا بازرگانان، بێشەرمانە دەیانەوێت مەوعزەبدەن، ئاخر لە مێژووی کام نەتەوە، لەسەر زەوی کامە وولات، لە سستەمی کام دەسەڵات، ڕەخنەی دروستکەر هەبوو لەکاتێکدا چاوچنۆکە چاوزەقەکان، دەست و دەمیشیان کردبێتەوە؟. ڕەخنەی دروستکەر لە دەستورێک دەگیرێت کە بڕگەی یاسایەک، بەئاستەم لە دیموکراسیەتی لایدابێت. ڕەخنەی دروستکەر لە پرۆژەیەک دەگیرێت کە تۆزێک کورتی هێنابێ لەو پلانەی کە بۆی دانراوە. ڕەخنەی دروستکەر ئەو پێشنیارەی پێ دەوڵەمەند دەکرێت کە ڕۆشنای دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا. ڕەخنەی دروستکەر کاتێک دەبێت کە هەڵەکە، بێ ئاگایانە بێت، نەک تاوانەکە بەئاگاییەوە کرابێت.

قەڵەم ڕەشەکان سەری زمان و بنی زمانیان سەرکردایەتی سیاسی کوردە. ئاخر کام سەرکردایەتیەو کام کوردە؟. ئەو سەرکردە جاسوسانەی کە ڕۆژلەدوای ڕۆژ فایلەکانیان ئاشکرادەبن؟. یان ئەو سەرکردەیەی کە شێری شێرخۆرە بۆ هەژارانی کوردو ڕێوی گەڕە، لەبەرپێی داگیرکەراندا. ئاخۆ مەبەستیان لە کورد، ئەو خەڵکە ستەمدیدەیەی کە ئاواتەکانیان ژێرخاک کرا، یان ئەودایک وبابە شەهیدەی کە خوێنی کوڕەکەی بەفیڕۆ درا؟ بەدووری نازانم قوڵەنۆکەرێکی ماستاو چی کۆنە جاش، نەڵێت ئەی ئەوە نیە دایک وبابی شەهیدان خانو یان زەویان وەرگرتوە!. ئالێرەوە سوکایەتی بەشەهیدەکان دەست پێدەکات، شەهیدەکان سوککران، شەهیدەکان وەک ووشە سوکەکانی ووشەفرۆشان خرانە مامەڵەی بازاری قاچاغچیەکانی سیاسەتەوە. شەهیدەکان هەریەکەیانتان بەپیی نرخیان، نرختان بۆدانان. جیاوازیتان خستە نێوان ئەومرۆڤە خۆبەخشانەی کە نەبەتەمای زەوی وخانەنشینی بوون نەبەتەمای دابەشکردنی خوێنیان بوون. دەیان شەهید هەیە کەتەمەنی پێشمەرگایەتی چەند کاتژمێر یان چەند ڕۆژێک زیاتر نەبووە. ئاخر کام شەهید لەپێناوی پارچەیەک زەویدا گیانی خۆی بەخشی؟. ئایا شەهیدەکان زیندوببنەوە ئامادەن عەزابی ژێرخاکی خۆیان و فرعەونی سەرزەمینی ئیوە قبوڵ بکەن؟. هەر بۆیە ئەوەی کە هیچ بەهایەکی نەبێت لاتان، ئەوەی کە کردوتانە بەدار عەسای دەستان و بۆ تاوانترین تاوانی دەبەن، مرۆڤە شەهیدەکان و ووشەی شەهادەتە.

بەناوی پارێزگاری لە خوێنی شەهیدان، تیرۆر دەکەن، بەهەمان ناوەوە پۆلیس وئاسایشە نەخوێندەوارەکانتان ** سەرکوتی خۆپیشاندان و کۆبونەوە و مانگرتن بە لیس و شەق و گوللە دەکەن. دەسەڵاتتان، بەبەرهەمی خۆێنی شەهیدان لەقەڵەم دەدەن و هەربۆیە بۆ پاراستنی ئەو خوێن و دەسەڵاتە سیاسەتی برسی کردنی گەلتان گرتەبەر. بۆ پارێزگاری لەو خوێنە و ڕێگرتن لە وشک بوونەوەی، خوێنی ترتان ڕژاندە سەر. تهدید دەکەن گەر داوای مافی خۆمان بکەین، بەنان بڕین، بەسزادانی یاسای، بە تەریککردنەوە لە کۆمەڵگادا. ئیتر چۆن بەر ڕێژنەی جنێوی بەشمەینەتان ناکەون.

* ـ ووشە هەرزان فرۆشە قاچاغچی و بازرگانەکان، ماوەیەکە دەستیان کردوە بە جموجوڵ، بۆ کەمکردنەوەی ڕەخنە، کە ئازاری ناو دڵ ودەرونی خەڵکی کوردستانە لە تاو ئەو دەسەڵاتە کەڕوکوێرو لاڵەی ئێستای کوردستان، لەڕیگای پاساو هێنانەوە بۆ دەسەڵات لە بڵاوکراوەکانی بینین و نوسین و بیستن، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەسەڵات دەستیان بەسەردا گرتوە و میللەتیان لێ مەحروم کردوە. بە هیوای ئەوەی ئەوانیش ڕەحمیان ببزوتێ و پارچەیەک زەوی بکەنە خەڵاتیان. خۆشبەختانە نەزەوی ماوە بیدەنە کەس و نە خانەنشینی هەر هەمویان لەسەر ناوی خۆیان و کەسوکارەکانیان تاپۆکراوە، ناوی وەهمیش باوی نەماوە تا موچەیان بۆ ببڕنەوە. لەوەش خۆشتر زەوی شکاوەو جاران ٣ دەفتەری دەکرد ئێستا یەک دەفتەر. هەر ڕۆژێکیش بێت ئاهی ئەو هەموو هەژارە بومەلەرزەیەک لە فرعەوناواکان دەدات و وەک ئەمنە سورەکەی لێدێت.

** ـ بۆ دامەزراندن لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش، ئەو کەسەی وەک پۆلیس یان ئاسایش دادەمەزرێت، نابێت بڕوانامەی شەشی سەرەتای هەبێت.